فایلی ژمارە



ڕەخنە لای
هابرماس
وەك تێڕامان



لەبارەی
قوتابخانەی
فرانکفۆرتەوە



هەڵوێستەکانی
هابرماس



# یۆرگن هابرماس

# بیبلۆگرافیای پ. د. یۆرگن هابرماس

ئا: لوقمان رەئوف

- له 1929/6/18 لەشارد (دوسلدورف)ی پایتەختی ویلایەتی باکوری راین و وستفالیا لە ئەڵمانیا لەدایکبووەو لە خێزانێکی پرۆتستانی پەروەردە بووە، یەکێکە لە رابەرانی گوتاری فەلسەفی رەخنەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی هاوچەرخ .
- قۆناغەکانی خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواوکردووە.
- 1949 1955- وانەی لە زانکۆکانی گوتنجین، زیوریخ، بۆن، وتوەتەوە.
- 1954بروانامەی لە فەلسەفەدا لە زانکۆی بۆن بەدەستهێناوەو تێزەکەی بە ناونیشانی (ناونیشانی رەهاو مێژوو لەبارەی دژیەتی لە بیری شلینگ دا) و لە لیژنەی گفتوگۆشدا (ئەریک روزاکیر، ئۆسکار بیکر) ئەندام بوون.
- 1956 وانەی فەلسەفەو زانستی کۆمەڵناسی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە سەرپەرشتی تیۆرسینەکانی وەک ماکس هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ وتوەتەوە.
- 1956 وەک یاریدەدەری لێکۆڵینەوەکان لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی لە فرانکفۆرت کاریکردووە.
- دوای بەدەستهێنانی بروانامەی دکتۆرا لە (ماگدبۆرگ) بە سەرپەرشتی (فولفگانک) و هانس گیورگ گادامەر داوایلێکرد لە زانکۆی (هایدلبیرگ) کاری لەگەڵدا بکات.
- 1961- بوو بە مامۆستا لە زانکۆی بورج.
- 1964 گەڕایەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت، چونکە ئادۆرنۆ داوای لێکردبوو، بۆئەوەی کورسیەکەی هۆرکهایمەر لە بواری فەلسەفەو زانستی کۆمەڵناسیدا پڕبکاتەوە.
- 1964 بوو بە پرۆفیسۆر لەبواری فەلسەفەو کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی فرانکفۆرت.
- 1971 – 1980 بوو بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی ماکس بلانک لە (ستیرنبیرج) نزیک میونخ بۆ لێکۆڵینەوەی باری ژیانی جیهانی و زانستی و تەکنیکی لە (ستارنبیرگ).
- 1980 وەرگرتنی خەڵاتی (ئادۆرنۆ) لەبارەی پرۆسەی (مۆدێرنەی تەواونەکراو).
- 1984 گەڕایەوە قوتابخانەی فرانکفۆرت و بوو بە بەڕێوەبەری پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی.
- 1993 لە قوتابخانەی فرانکفۆرت خانەنشین کرا.
- 2004 بەهۆی ئەوەی ماوەیەک پەیوەندی بە رێکخراوی لاوانی حربی نازییەوە کردووە، رووبەڕووی رەخنە بوویەوە.
- 2007 رۆژنامەی ئیگناتیۆس گفتوگۆیەکی نێوان هابرماس و پاپای ڤاتیکان بنیدیکتی شانزە بەناوی (مشتومری سکولاریزم) بڵاوەکردەوە، گرنگی و دەنگێکی باشی هەبوو.
- تا ساڵی 2007 خاوەنی (27) کتێبی سەرەکی و گرنگە.
- 18/6/2012 تەمەنی بوو بە 83 ساڵ و تا ئێستاش لە ئەڵمانیا دەژی.